www.kurdistannet.org
21-10-2006 8:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کێ چاوی بەسەرکەوتنەکانی یەکیەتیی لاوان هەڵنایە؟ ... عەبدوڵا مەعروفی(رامان)



ئەو نووسراوەیە بۆ لەقاودانی کردەوە نارەواکانی کەسانێکە کە بە داخەوە زۆرینەی دەسەڵات دار لە حیزبی دێموکرات دا بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیان لێ دەکات، تەنانەت ئەگەر میتۆدە بێزراوەکانی (ماکیاول) یش بە کار بێنن بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان.
ئەگەر هەر کەس و لایەنێک بەشێک لە ئیفتخاراتی خۆی لە ژیانی رۆژانەی خۆی و رێکخراوەکەی دا تۆمار بکات، وێدەچێ یەکێک لە ئیفتخارەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرێوەبردنی سەرکەوتووانەی کۆنفرانسی کۆماری کوردستان بێت کە لە رێکەوتی 2006/09/30 لە وڵاتی نۆروێژ بەرێوە چوو.
ئەوەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەم ناوی پیرۆزی کۆنفرانسەکە بوو کە بە "کۆنفرانسی کۆماری کوردستان" ناودێر کرابوو، ئەو ناوەش بۆ رێز گرتن و وەبیر هێنانەوەی خزمەتەکانی کۆماری کوردستان و شەخسی مەرحوم پێشەوا دانرابوو نیسبەت بە یەکیەتیی لاوان، بە هەق یەکەم نەمامی یەکیەتی لاوان کە لە سایەی کۆمار و شەخسی پێشەوا دا چرۆی کرد، بۆ بەشدارانی کۆنفرانس بایەخێکی مەعنەوی هەبوو. دووەم هۆ ئاستی دێموکراتیک بوونی کۆنفرانس بوو. هەرچەند بە کردەوە یەکیەتیی لاوان پێش گیرانی کۆنفرانسی کۆماری کوردستان لە وڵاتی سوئێد ببوو بە دوو بەش، بەڵام کۆنفرانس بە هەست کردن بە مەسئولیەت بەداخ بوونی خۆی لە بەشدار نەبوونی بەشێک لەو هاورێیانەمان راگەیاند و پێشتر لە روون کردنەوەیەک دا هەردووک لایەن بۆ کۆنفرانسەکە دەعوەت کرابوون. ئەو بریارە بەجێیەی کۆنفرانس لە کاتێک دابوو کە کاسانێک لەدەرەوەی کۆنفرانس لاوەکانیان هان دەدا لەو کۆنفرانسە دا بەشداری نەکەن و تەنات هەرەشەیان لە لاوەکان دەکرد!
پەیامی سکرتێری یەکیەتیی لاوان هەم بە تەلەفون و هەم بە نوسراوە بۆ کۆنفرانسی کۆماری کوردستان و ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی تەواو بوونی سەرکەوتوانەی کۆنفرانس لەلایەن هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی لاوان، وەڵامێکی باش بوو بۆ ئەوانەی دژی ئەو کۆنفرانسە سەنگەریان لە یەکیەتیی لاوان گرتبوو و هەرەوەزیان کرد بۆ نەگیرانی کۆنفرانس! هەرنەبێ ئەوەی تا ئەوکات بۆ زۆر کەس لە ژێر تەم و مژ دا مابۆوە، روون و ئاشکرا دەرکەوت و تێگەیشتن مەبەست لە دەست تێوەردان لە کاروباری یەکیەتیی لاوان هۆکاری جەناحیی هەیە و هیچی دیکە، دەنا ئەگەر وانیە بۆچی بۆلایەک شاڵاوی دەرکردن و هەڵپەساردن وەرێکەوتووە و بەشی لایەکەی دیکەشیان بارەقەڵاو دەست بەسەرداهێنانە؟
بەو پێشەکیە چوارچێوەی باسەکەم فراوانتر دەکەم و ئاماژە بە هیندێک دیاردە دەکەم وەک بەرهەمی دانانی سنوور لە نێوان خودی و ناخودیەکان و ئاکامی لێکهەڵاواردن و یەکدەست کردنەوە لە نێو حیزبی دێموکرات دا. بەداخەوە ئەو رۆژانە وای لێهاتوو؛ سەرکۆنە بەدەم بکە، سەرکۆنە بە نوسراوە بکە، هەڵپەسێرە بۆ ماوەی شەش مانگ، بۆماوەی یەک ساڵ، بە تاک و بە کۆمەڵ وەدەرنێ، با هەموو ئەوانەش بە پێچەوانەی بەندەکانی بەرنامە و ئەساسنامە بن هیچ گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە لەگەڵ دەسەڵات بی و بەس! حەز دەکەی لە ئۆرگانێکی دێموکراتیک دا مافی دوو دەنگ بۆ خۆت تەرخان بکەو نەزەر و پێشنیارەکانت کە قەرارە لە کۆبوونەوە دا باسیان بکەی، پێش تەسویب بوون لە ماڵپەرەکان دا بڵاویان بکەوە - ئوسولێک کە هاورێیەک لە نێو یەکیەتیی لاوان دا دایهێناوە!- دژایەتی بە ئاشکرای بریارەکانی یەکیەتیی لاوان بکە و هەر چی یەکیەتیی لاوان بریاری لەسەر دا تۆ پێشێلی بکە، پشتی کۆنفرانسە نامەشروعەکان بگرە بە پشتیوانی زۆرایەتی کۆمیتەی ناوەندی و دژی کۆنفرانسە

مەشروعەکانی یەکیەتیی لاوان راوەستە ئەویش هەر بە پشتیوانی زۆرایەتی ڕێبەری حیزب، هەمووی ئەوانە هێچ تاوان نین چونکە دیسانیش هەر دەسەلاتت لەپشتە. تەنانەت ئەگەر دەسەلاتت لە پشت بێ دەتوانی یەکیەتیی لاوان بکەی بە دووبەش و لینکی ماڵپەڕەکەشت لە سەر مالپەری رەسمی حیزب بلاو بکەیەوە، بە مەرجێک ئاکارەکانت هاوئاهەنگ بن لەگەڵ بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی جیناحی بالادەست! بەلام هەر ئەوەندە بەسە لەگەل ئەو سیستمە نەبی، جا حەز دەکەی وەک رۆڵەیەکی ئەو ئاو و خاکە خزمەت بە ئامانجەکانی یەکیەتیی لاوان بکە و هەوڵ بدە یەکیەتیی لاوان نەبێتە مەیدانی جلیتبازی جیناحی و لە ژێر راسپاردەکانی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی لاوان کە شەخشی سکرتێری حیزب تێیدا بەشدار بووە، کار بکە، کەچی جێگات نابیتەوە و فەوری بە شێوی قورعەکێشی سزایەکت بۆ رەوانە دەکەن، جا خۆت و شانسی خۆت کە وەرەقەیەکی سپیت بۆ دەرچێت یان هەڵپەساردن یان خود دەرکردن!!

کاتێک بڕیارەکان ئەوا بە خەروار دێن، زۆر ئاساییە کە بایەخیان کەم دەبیتەوە و ناچنە بواری جێبەجێ کردن. شاعیری پایە بەرز ئەحمەدی خانی لە کۆتایی مەم و زین دا دەفەرموێت: هەرچەند کەلام شوبهی دوڕ بەت بێ قەدر دبەت دەما کو پڕ بەت  بارینی رەهێلەی سزاکان بەسەر جیابیرانیش دا راست وەک ئەم وتە بە نرخەی خانی لێ هاتووە.

بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەو بڕیارانە هیچ کاریگەریان لەسەر سزادراوەکان نەماوە و هیچ کەس بەو سزایانە خۆی بەدەر لە بازنەی حیزبی دێموکڕات و یەکیەتیی لاوان نابینێتەوە، تەنانەت هێندێک جار مرۆڤ نیگەران دەبیت کە بۆ بڕیاری سزادانی پێ رانەگەیەنراوە!! بۆ نموونە هێندێک لە ئەندامانی کۆنفڕانسی کۆماری کوردستان و میوانەکان سزای تەشکیلاتیان بۆ هات و هێندێکیشیان تا ئێستا بێ سزا ماونەتەوە. ئەوەیان بەشێکی پێکەنیناوییە و بەشێکیشی پرسیار خوڵقێن. ئەگەر بەشداری لە کۆنفڕانس تاوانە، ئەو تاوانە بەرۆکی هەموو بەشدار بوان دەگرێتەوە و ئەگەر جێگای شانازیشە (دیارە هەر جێگای شانازییە) دیسان هەر هەموان دەگریتەوە، بەلام لەبەر چاو گرتنی فەرق و جیاوازی لە نێوان بەشدار بووان دەبێ مەبەستی دیکەی لە پشت دا شاردرابێتەوە!! ئەو لێکهەڵاواردنەی کە ئۆپۆزیسیۆنی نێو خۆیی حیزبی دێموکڕات لە بلاو کراوە 20 ماددەییەکەدا باسی لێدەکات، تەنانەت لە هەڵمەتی دەرکردن و هەڵپەساردنەکانی جیابیرانیش دا رەنگدانەوەی هەیە، دەنا بە پێی کام تەرازو و پێوانە بۆ نموونە حوکمی من سەرکۆنەیە و هی هاوڕێیەکی دیکە هەڵپەساردن یان دەرکردن؟

ئەو رۆژانە لە گەڵ هاوڕێیەکی زۆرخۆشەویستی باوکم قسەم دەکرد. دەیفەرموو بۆ ئەوەی کەسێک بکاتە ئەندامی حیزبی دێموکڕات 12 جار سەردانی گوندێکی ناوچەی بەری پیرانانی لە پیرانشار کردووە. ئەویش لە کاتێک دا هەر چرکەساتێک مەرگت لە پێش بێت، بە واتایەکی دیکە پێشمەرگە بی و ناوچە هەموو بە جاش و پاسدار تەنرابێتەوە. وەرە ئەو روحیەی ئەوکات لەگەل ئێستا بەراورد بکە و بچۆ دەناخی مەسەلەکە بۆت دەردەکەوێت کە چەندە داخ هێنەر و ویژدان هەژێنە کە ئاوا بە دوور لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی روحیەیەکی هاوسەنگەرانە، بە کۆمەڵ پاڵ بە کاسانێکەوە دەنێن کە ئەگەر شانازیەکانی نێو حیزبی دێموکڕاتیان لێ زەوت بکەی، لەوانەیە هێچیان بۆ باس کردن پێ نەمێنێتەوە و وەک گولێکی بێ ئاو لە بیابان دا لە حەسرەتی چەند دڵۆپ ئاو سیس هەڵگەڕێن و وشک بن. نەمانی روحیەی ئەوکاتە لە نێوانمان دا کە رێگەمان پێ نادات گوێ لێک بگرین و لێک حاڵی بین و یەکتر قەبووڵ بکەین.

لەوانەیە نووسراوەکەم پێی نابێتە ئاستێکی هەست و سۆز و دەردە دڵ، بەلام زۆر جاران کە بەرژەوندی تاقم و دەستەیەک بالای کرد بەسەر بەژەوەندی گشتی و خەمخۆری بۆ گەل و نیشتمان و هیچ فەلسەفە و مەنتق و پێشنیارێک نەیتوانی دەراوێکی روون بەدی بکات، بە دڵنیاییەوە دەردە دڵێکی خۆمانە زۆر

باشتر و سەربەرزانەترە لە ناردنی بروسکەی تەوهین ئامێز و هەڕەشە بۆ ئیمەیلە شەخسیەکان و وەگەڕخستنی وێبلاگی "تۆفان" ئاسا!! ئەوانەی تا دوێینێ قەڵەمە بێ ناو و نیشانەکانیان بە کرێ گرتەی بێ خەرج و باجی کۆماری ئیسلامی دەشوبهاند، چۆنە لەراست ئەو جنێو فرۆشانە مات و مەلول دانیشتوون و وستەیان لە خۆ بڕیوە؟

لەبیرمە یەکەم مانگەکان بوو کە تەلەفوون بۆ پیرانشار هاتبوو. کەس لە ترسی جنێو فرۆشان نەیدەوێرا تەلەفون بکڕێت بەڵام ئەو دیاردە ناشیرینە زۆری درێژە نەکێشا و بە هۆی سەرکۆنە کردنی هەموو لایەک کۆتایی پێ هات. بە داخەوە ئەو دیاردە ناشیرینە تازە لە نێو کەسانیک، بە قەولی خۆیان بە مەبەستی دڵسۆزی بۆ حیزبی دێموکڕات سەری هەڵداوە و خەریکن رابردوویەکی پڕ لە شانازی لەبەر چاوی خەڵکی دەخەن. ئەگەر وشیار نەبین و هەمووماں بەیەکەوە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە لەبەرانبەر ئەو جنێو فرۆش و نەفەس نزمانە نەگرین وەزعەکە زۆر لەوە خراپتر دەبێ کە ئێستا هەیە. ئەو کردەوە ناشیرینانە بۆ هیچ کام لە جەناحەکان خێر و بێری نابێت و هەر لایەنێکیش پشتیوانیان لێ بکات بە دڵنیاییەوە توشی شکست و ناکامی دەبێ و لە درێژخایەن دا هیچ رەنگ و بۆی حیزبایەتیان پێوە نامێنێت و بە قەولی مامۆستا هێمن دەفەرموێت وەک چیرۆکە کۆنەکان لە یادان دەچنەوە.

عەبدوڵا مەعروفی (رامان)
نۆروێژ رێکەوتی 19. 10. 2006